# نووسین

ئامادەکردنی : رێدار ئەحمەد

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو گەلێك دوو جۆر زمانی هەیە، زمانی ئاخافتن و قسەکردن، لەگەڵ زمانی نووسین.

زمانی کوردیش وەك زمانێکی زیندوو لە زمانی گفتوگۆ و زمانی نووسین پێکهاتووە، گفتوگۆ بە پێی شوێن و جێگا ئەگۆڕێت، لە گوندێکەوە بۆ گوندێك، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك، ئەو ئەدەبەشی بە زمانی گفتوگۆ بنوسرێت پێی دەگوترێت ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام زمانی نووسین تا ڕادەیەك لە کوردیشدا شێوازێکی یەکگرتووی هەیە، لای گەلانی دیکەش بەهەمان شێوەیە، عەرەبەکان بە (اللغە الفصحی) ناوی دەبەن، کوردی خۆشمان بە کوردی پەتی، کە دەڵێم تا ڕادەیەك زمانی نووسینمان یەکگرتووە هەڵبەت هۆکار زۆرن بۆ یەکنەگرتنی زمانی کوردی، لە پێش هەموویانەوە نەبوونی دەوڵەت و دابەش بوونمان بەسەر وڵاتی دیکەدا.

نووسین وەك هەر کارێکی دیکەی ژیانمان پێویستی بە نەخشە بۆ دان و ماندووبوون هەیە، هەر کارێکیش پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابێت سەرکەوتنی زیاتری بۆ مسۆگەرە..

## مەبەستمان لە نەخشە یان پلان چییە؟

دیارە مرۆڤ کە دەیەوێت بابەتێك بنووسێت پێشتر فیکرەی ئەو بابەتەی لا گەڵاڵە بووە، دەیەوێت بیخاتە سەر کاغەز و بیگەیەنێتە بەرامبەرەکانی، لێرەوە کاری نەخشەکێشان ڕوونتر دەبێتەوە، کە خوێندنەوەی باش لە بارەی ئەو باسەوە کە دەتەوێت بینووسیت، بە واتایەکی دی لە مێشکی تۆی نووسەردا پانتایی نووسینەکە درك پێکرابێت، بەو شێوەیە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی بابەتەکەت.

پێناسە بۆ نووسین زۆرە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەمە پوختەیانە:

1-پێناسەی نووسین: بریتیە لە کێشانی وێنەی پیتەکان و کۆکردنەوەیان لەوشەی لە بار و واتادارادا، بە مەبەستی گەیاندن و تۆمارکردنی دەنگ لە شێوەی وێنەدا و پێدانی چەمکی بێژان و مەبەستەکان لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر.

2-ئامانج لە نووسین: أ/ تۆمارکردن و دەربڕینی دەنگ بە زمانێکی بێدەنگ.

ب/ پاراستنی بێژەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، تا ئەو پەیامەی هەتە بیگەیەنیتە خوێنەر.

3-شێوازی نووسین: لە شێوازی نووسیندا ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە پێویستە:

1/بەچاکی بیر بکەرەوە و ڕۆ بچۆ تێیدا لەبارەی ئەوەی کە دەتەوێت بیڵێیت. چونکە مرۆڤ تا زیاتر بیربکاتەوە لەبارەی بابەتێك بەشێوەیەکی چاکتر و باشتر دەتوانێت لەبارەیەوە بدوێت یاخود بنووسێت. خوای گەورەش لە کۆتایی زۆر ئایەتدا باسی بیرکردنەوە دەکات، پاش یادخستنەوە (لعلهم یتفکرون)، پێویستمان بەوەیە فێری هونەری بیرکردنەوە بین، نووسەری وا هەیە پاش دووساڵ بیرکردنەوە بابەتێك دەنووسێت.

2/ئەو بیرۆکەیەی کە لە مێشکتدایە بیخەرە ناو وشەوە، واتە بینووسە.

3/پاشان بەشێوەیەکی گونجاو رێکیان بخە لەگەڵ دیاریکردنی ئاستی خوێنەر.

4/هەوڵ بدە رستەکانت کورت و پڕ مانا بن، دەستەواژە و وشەی وایان تێدا نەبێت کە هەستی خەڵکی بریندار بکەن، بۆنموونە لە جیاتی بڵێیت: (خراپترین سامان ئەوەیە لێی خەرج نەکرێت)، بڵێ: (باشترین سامان ئەوەیە کە لێی خەرج بکرێت).

5/جوانترین و پڕ ماناترین وشە هەڵبژێرە لە نووسیندا، ئەمەش پێویستی بە ئەزموون هەیە، هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدە تیانووسێك دابنێیت لە فەرهەنگ یان لەو کتێبانەی کە دەیخوێنیتەوە، یان لە ژیانی رۆژانەی خۆت وشەی جوان تۆمار بکە و لەکاتی پێویستدا ئەو دەفتەرە بهێنە و وشەکان بەکار بهێنە، پاش بەکارهێنان ئیدی لە مێشکتدا دەچەسپێن، هەروەها بەهۆی تۆمارکردنیانەوە لەو دەفتەرە لە مێشکدا تارادەیەك دەچەسپێن.

6/لەکاتی پێویست بووندا (ئایەت لەگەڵ نووسینی ژمارەکەی)، یان (فەرمووده لەگەڵ نووسینی رادەی صحەتەکەی)، یان (پەندی پێشینان و قسەی زانایان) بخە ناو باسەکەتەوە، لە شوێنی پێویستدا بە شێوازی کۆ بدوێ ( با وابین، با وابکەین...).

7/بەکارهێنانی نەخشەی پێویست کە (پێشەکی+ ناوەرۆك+ کۆتایی) لەخۆ گرتبێت، هەرگیز هەوڵ مەدە دەردی دڵت بە خێرا و بێ پێچ و پەنا بخەیتە سەر کاغەز، بەڵکو لە رێی پێشەکیەوە رێخۆش بکە بۆ بابەتەکە.

8/گرنگی دان بە ناونیشان، چونکە بەهۆی ناونیشانی بەهێزەوە بابەت پڕ ماناتر دەبێت، لەبەر ئەوە با ناونیشانی بابەتەکەت شتێکی سەرنج راکێش بێت. هەروەها پەیوەندی توندوتۆڵی بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە هەبێت.

9/رەچاوکردنی کات و شوێنی نووسین، واتە کات و شوێنی گونجاو تا زنجیرەی بیرکردنەوەت تێك نەشکێت.

10/سیفەتی ئەمرکردن بەکار مەهێنە.

## چۆن بیرۆکە(فیکرە) بەدەست بهێنین؟

بیرۆکە یان فیکرە شتێك نیە تایبەت بێت بۆ کەسانێك نەیەت بۆ کەسانێکی دیکە، بەڵکو هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بەم رێگایانە بیرۆکەی لا گەڵاڵە بێت:

1-بیرکردنەوە.. تۆ دێیت بیر لە بابەتێك دەکەیتەوە، ئەو بیرکردنەوەیە دەتگەیەنێتە ئەوەی شتێکت لە مێشکدا دروست دەبێت و حەز بە نووسینی دەکەیت.

2-هەندێك جار پاش خوێندنەوەی بابەتێك بە وردی هەست دەکەیت نووسەری بابەتەکە ستەم یان هەڵەیەکی کردوە، تۆ بیرۆکەی راست کردنەوەیت لا دروست دەبێت.

3-یاخود بینینی دیمەنێك کە جێگای رەزامەندیتە یان ناڕازی بوونتە.

4-گوێگرتن لە خەڵکانی دیکە.

# پاش نووسینی بابەتێك چی بکەیت باشە؟

بۆ ئەوەی بابەتەکەت بەپێزتر بێت، ڕەچاوی ئەم خالانە بکە، پاش نووسینی:

1-نووسینەکەت بە وردی چەند جارێکی دیکە بخوێنەرەوە.

2-دەتوانیت بە پێی پێویست ڕستەی زیادی لێ لابدەیت و هەندێك ڕستەی لێ پاش و پێش بخەیت، شتی دووبارە لاببە.

3-سەیر بکە بزانە لایەنی هونەریی نووسینەکەت چۆنە، گەر وشەی جوانترت هات بە بیردا بینووسە.

4-گەر بە تەواوی لە نووسینەکەت ڕازی بوویت، ئەمجا دەست بە نووسینەوەی بکەرەوە.

5-نووسینی ناوی سەرچاوەت لەیاد نەچێت، گەر هەبوو، هەوڵ بدە سود لە سەرچاوەیەك یان زیاتر وەربگریت.

## لەکاتی سودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاگاداری ئەم خالانە بە:

1-وردبە لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا.

2-وردەکاری لەکاتی هێنانی بڕگەی ناو سەرچاوەکەدا.

3-ئاماژەکردن لە کۆتایی بابەتەکە بۆ (ناوی سەرچاوەکە+ ناوی نووسەرەکەی+ ساڵی چاپکردن+ چاپخانە+ لاپەڕە).

4-ئاگاداری هەڵوێستی نووسەر بە، نەوەك ئەو کتێبەی کۆن بێت ئێستا لێی پاشگەز بووبێتەوە.

5-ئەگەر سەرچاوەیەکت بەکارهێنا دەستنووس بوو، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەیت کە هێشتا چاپ نەکراوە.

6-دانانی بڕگە خواستراوەکان لەنێو کەوانەدا ((...)).

## وتـــــار

چەندین پێناسەی جودای بۆ کراوە، لەوانە:

- هونەرێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی سادە و کورت لە سنورێکی دیاریکراودا نووسەر لێی دەکۆڵێتەوە و بیروڕای خۆی لەسەر دەردەبڕێت.

- لە فەرهەنگی (لارۆس)ی فەڕەنسیشدا هاتووە: ((وتار بەو نووسینە دەوترێت کە نووسەرەکەی تێیدا قوڵ نەبۆتەوە و وەڵامی تەواوی نەداوەتەوە)).

## بەشەکانی وتار (مقالە)

(ئەرستۆ)، کە فەیلەسوفێکی یۆنانیە، یەکەم کەس بووە کە وتاری بۆ چەند قۆناغێك دابەش کردووە، وەك:

1-پێشەکی: سەرەتا و قۆناعی دەست پێکردنە و ڕێخۆشکەرە بۆ ناو بابەتەکە، ئەوپەڕی گرنگێتی لە سەرنج ڕاکێشانی خەڵکیدا هەیە، هیلی مەبەست لەدوتوێی تامەزرۆیی و چەواشەکردندا دەخاتە ڕوو، دەروون بە لایەنگیریەوە بۆ کێشەو بابەت والا دەکات، هەوڵی ڕەخساندنی کەش و هەوای دەروونی لەبار دەدات، سەری گلۆڵەی باس و گرفتەکە دەداتە دەست، وردەوردە بەرەو مەبەست کێشیان دەکات.

دەتوانرێن پێشەکی (10٪)ی بابەتەکە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك باس هەیە پێویستی بە زیاتر یان کەمتر هەیە.

2-خستنەڕوو و بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن: کە ئەویش باسە سەرەکییەکەیە، لە چ بارە و باس و کێشەیەکەوە دەدوێت دەخرێتە ڕوو، هێنانەوەی شیعر و پەند و فەرموودە و ئایەت و شتی دی لێرەدا و بەپێی پێویستی نووسینەکە، رادەی هۆشیاری و رۆشنبیری نووسەرەکەی دەردەخات و بابەتەکەش بەپێزتر دەکات. هەروەها دەبێت لایەنی سۆز فەرامۆش نەکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر زیاتر بێت. هەروەها بۆ ئەوەی وشك و بێزاریش نەبێت پێویستە گرنگی بە جوانکاری وشە بدرێت.

بەڵگەی مێژوویی.. ئاینی.. بەپێی گونجانی بابەتەکە بخرێتە ڕوو لەگەڵ سەلماندنی بیروڕاکان..

3-کۆتایی و ئاکام: کۆتایی وتار پاش مەبەست پێکانە، جەخت کردنە لەسەر دڵنیابوون و دڵنیاکردنەوە، پێویستە کورتترین و پڕترین واتاکە لە مێشکدا ماوە کۆتایی بەبابەتەکە بهێنێ، دەبێت ببەسترێتەوە بە پێشەکی بابەتەکەوە، تا سەرەتا و کۆتایی لای خوێنەر ئاشکرا و روون بێت.

<u>تێبینی</u>: لەبارەی درێژی و کورتی وتارەوە دەکرێت لە هەزار وشە کەمتر نەبێت و لە شەش هەزار وشەش زیاتر نەبێت.

## هەنگاوەکانی نووسینی باسێك:

1-کۆکردنەوەی زانیاری: (پێش ئەوەی نووسەر بین، پێویستمان بەوەیە خوێنەر بین)، بۆ بەهێزی بابەتیش سەرچاوە زۆر پێویستە، لە یەك سەرچاوە زیاتریش بێت چاکترە.

2-دانانی پەیکەری باسەکە، وەك پێشتر لێی دواین: (پێشەکی، خستنەڕوو، کۆتایی).

3-نووسینی باسەکە بەپێی پەیکەرەکە.

4-خوێندنەوەی باسەکە بۆ جاری یەکەم.

5-هەڵسەنگاندنی باسەکە، لابردنی وشە و رستەی زیاد لێی، لابردنی شتی دووبارە، گۆڕینی وشە، پاش و پێش خستن.

6-خوێندنەوەی بابەتەکە بۆ جاری دووەم..

7-یەکێتی بابەت (وحده الموچوع) رەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی تێکەڵ بوون دروست نەبێت و مەبەست و ئامانجی خۆی بگەیەنێت.

## جۆرەکانی وتار

1-وتاری کەسێتی(شخصی): لە دەربڕینێکی راستگۆیانەیە لە میانەی ئەزموونەکانی خۆیەوە نووسەر هەڵیهێنجاوە و رەنگدانەوەی ناخ و سروشتی خۆیەتی.

2-وتاری کۆمەڵایەتی: ئەو وتارەیە کە نووسەر تیایدا رەخنە لە ناهەموارییەکانی کۆمەڵ دەگرێت و هەوڵ دەدات (زۆرجار بە تەوەس و پلارێکەوە) بیروڕای خۆی لەمەڕ هەژاری و داب و نەریت و نەخوێندەواری و شتە تازە داهاتووەکانی کۆمەڵ دەربڕێ.

3-وتاری وەصفی: نووسەر وەسفی ژیانی سروشتی و کۆمەڵایەتی دەکات، وەسفی سروشت دەکات، بە چیا و دار و دەوەن و چینەکانی کۆمەڵ، هەموو ئەم وەسفانەش لە پێناوی خستنەڕوو و رونکردنەوەی مەبەست، (واتە هۆکارێکە وەسف بۆ چەسپاندنی ئەو رایەی کە هەیە نەك ئامانج بێت).

4-وتاری فەلسەفی: نووسەر سەرنجی خۆی لەمەڕ بوون و کێشەکانی ژیان و فەلسەفەی بوونی خودا و دروست بوونی مرۆڤ دەردەبڕێ بە جۆرێك کە وردبوونەوە و رامانی قوڵی تیایە بۆ راڤەکردنی ئەم گەردوونە.

5-وتاری زانستی: ئەو نووسینانەن کە نووسەر دەیەوێ بە کورتی کۆمەڵێك زانیاری، جا چ لە بواری زانستە رووتەکان، وەکو بیرکاری و فیزیا و کیمیا، یان زانستە کۆمەڵایەتیەکان و، مرۆییەکان و، جوگرافیا و مێژوو و کۆمەڵناسی بە خەڵك بگەیەنێت لەسەر بەرنامەیەکی زانستی گونجاو.

6-وتاری رەخنەیی: ئەو پارچە نووسینەیە کە نووسەرەکەی بابەتێکی ئەدەبی وەردەگرێت و هەڵیدەسەنگێنێ و رەخنەی لێ دەگرێت و لایەنە راست و ناڕاستەکانی دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.